﴿ قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ ﴾

# ئەستێرەکانی بەخت

## هاوەڵ بڕیاردانێکی کۆنە
## لە پۆشاکێکی نوێدا !!

نووسینی
مامۆستا عدنان بارام

------------------------------------

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba8.org
www.be8.org
islam_kurd_ba8@yahoo.com
07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە ﴿٥٦﴾ لە کتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەكی :

إن الحمد لله نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيّئات أعمالنا من يهده الله فلا مضلّ له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا اله الا الله وحده لاشريك له ، وأشهد أنّ محمداً عبده ورسوله ، أمّا بعد : بەڵگە نەویستە بەدیهێنانی جنۆكەو مرۆڤ مەبەستێكی دیاریكراوی هەیە وبێ مەبەست نییە ، مەبەستەكەش پەرستنی خوای باڵا دەست و ناسینی ئەو زاتە بێگەردەیە و هاوەڵ بڕیارنەدانە بۆی لەهەر سێ بەشەكەی خوا بەیەك دانان ( التوحيد ) دا كە بریتین لە :

**یەكەم :** بەتەنها دانانی خوا لە پەروەردگارێتی ( توحيد الربوبية ) .

**دووەم :** بەتەنها دانانی خوا لە ناو و سیفەتەكان ( توحيد الاسماء والصفات ) .

**سێیەم :** بەتەنها دانانی خوا لە پەرستراوێتیدا ( توحيد الألوهية ) .

خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ ( سورة الذاريات : ٥٦ ) ، **پێشەوا** ( ابن كثير ) لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرمویەتی : تەنها بۆ ئەوە دروستم كردون فەرمانیان پێبكەم بەپەرستنم ، نەك لە بەر ئەوەی پێویستیم پێیان هەبێ ( تفسير القرآن العظيم : ٤ : ١٧٧٨ ) ، كەواتە : پێویستە موسڵمانان خوا بپەرستن بەبێ هیچ جۆرە هاوەڵ بڕیاردانێك ، ئەو جۆرە یەكخوا پەرستیەش كەپەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێ بەیەك دانانی خوایە لە ناوو سیفەتەكانە .

### مەبەست لە بەتەنها دانانی خوا لە ناو و سیفەتەكانیدا

﴿ توحيد الاسماء والصفات ﴾

مەبەست لەخوا بەیەك دانانی ناو و سیفاتەكان چیە ؟

**موسڵمانی یەكخوا پەرست :** مەبەست لەخوا بەیەك دانانی ناو و سیفەتەكان : بریتییە لە باوەڕهێنان بەو ناو وسیفاتانەی خوای پەروەردگار كە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوون ، بەبێ لێكچواندنی بە سیفەتی دروستكراوەكانی ( تشبيه وتمثيل ) وبەبێ پەكخستن ( تعطيل ) وبێ واژە كردنی ناڕەوا بۆ ئەو ناو و سیفەتانە ( بلا تحريف و لاتأويل ) و بێ چۆنیەتی كردنیان ( تكييف ) لەگەڵ نەدانی ئەم ناو و سیفەتانەو نەبەخشینیان بە دروستكراوەكانی خوای باڵا دەست و بەدیهێنەر چونكە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ ﴾ ( سورة شورى : ١١ )، واتە : هیچ شتێك وەكو خوا نیە ، و هەر ئەویشە بیسەر و بینەری ڕەها .

با دروستكراوەش فریشتەیەكی نزیك كراو بێت یان پێغەمبەرێكی نێردراو ... هتد ، لەو سیفەتانەش كە تایبەتە بەخوای پەروەردگارەوە لە بەیەك دانانی خوا لە ناو و سیفەتەكانیدا باسی لێوە دەكرێ ، سیفەتی زانینی پەنهانییەكانە واتە : ( علم الغیب ) .

## سیفەتی زانینی پەنهانی یەكان ( علم الغیب )

## تایبەتە بەخوای پەروەردگارەوە

لەو سیفەتانەی پێویستە بڕوامان پێی هەبێ كە تەنها سیفەتی خوای پاك و بێگەردە ، سیفەتی زانینی پەنهانییەكان ( الغیب ) بەتایبەت ئەو ڕوداوە پەنهانانەی كەجگە لە خوای زانا كەس پەنایان پێ نابات ، خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿ قُلْ لا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ ﴾ ( سورة النمل : ٦٥ )، وەفەرمویەتی : ﴿ وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ ﴾ ( سورة الأنعام : ٥٩ ) ، واتاكەشیان ئەوەیە كە : زانینی پەنهانییەكان تەنها لای خوایەو كەسی تر لێی بەئاگا نییە ، وە لە ئایەتێكی تردا فەرمان بە پێغەمبەرەكەی دەكات و دەفەرموێت : ﴿ قُلْ لا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعاً وَلا ضَرّاً إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ ﴾ ( سورة الأعراف : ١٨٨ ).

پێشەوا ( ابن كثير ) دوای تاوتوێ كردنی ووتەی هەندێ لە زانایان سەبارەت بەڕاڤەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت : باشترینیان ـ واتە ئەو ووتانە كە سەبارەت بەڕاڤەی ئایەتەكە ووتراون ـ ئەوەیە كە لە ( **ابن عباس** ) ەوە دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی : ( وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ { الخیر } ) ، **واتە** : ( پارە و پولە ) ( تفسیر القرآن العظیم : ٢ / ٧٨١ ــ ٧٨٢ ) .

كەواتە : جگە لە خوای پەوەردگار كەسی تر بە ئاگا نیە ، با ئەوكەسەش پێغەمبەری خوا بێت ﷺ ، جا ئەگەر ئەوەمان لەلا ئاشكرا بوو ، با بزانین حوكمی باوەڕبوون بەوەی كە جگە لە خوا یەكێكی تر زانەری پەنهانییەكانە ، چیە ؟

## حوكمی باوەڕ بوون بەوەی كە جگە لە خوا زانەری پەنهانیەكانە

**موسوڵمانانی بەڕێز** : باوەڕبوون بەوەی كە جگە لە خوا زانینی غەیب و پەنهانیەكانی هەیە جۆرێكە لە جۆرەكانی بێباوەڕی ( كفر ) ، خوا پەنامان بدات ، چونكە ئەم بیرو باوەڕە پێچەوانەی یەك خواپەرستی ناو و سیفەتەكانە و سیفەتێك لە سیفەتەكانی خوای تێدا بەخشراوە بەبەندەیەك یان دروست كراوێكی ئەو زاتە موبارەكە ، پاشان با بزانین ئەم جۆرە هاوەڵ بڕیاردانە لەچیدایە ، یان لە كێدا بەرجەستە دەبێ و بەدی دەكرێت ؟

## كرداری فاڵچیه‌كان به‌رجه‌سته‌بووی ئه‌و هاوه‌ڵ بڕیاردانه‌یه

واتای كرداری فاڵچیه‌كان و سه‌لماندنی ئه‌وه‌ی كه كردارێكی سه‌رده‌می نه‌فامی پێش ئیسلامه ، ئه‌م جۆره هاوه‌ڵ بڕیاردانه له‌یه‌ك خوا په‌رستی ناو و سیفه‌ت ، له سه‌رده‌می نه‌فامی پێش ئیسلامی پیرۆز له‌چه‌ند زاراوه‌یه‌ك یان له كرداری چه‌ند كه‌سانێكدا ده‌ر ده‌كه‌وت ، ئه‌وانیش : ( الكـاهن ) ، و ( العـرّاف ) ، و ( المنجم ) ، فاڵچیش له‌زمانی كوردیدا زاراوه‌یه‌كی كۆكه‌ره‌وه‌یه بۆ هه‌ر سێ جۆریان وهه‌مووشیان واتای هاوبه‌شیان ئه‌وه‌یه : هه‌واڵی داهاتوو بۆ مرۆڤ ئاشكرا ده‌كه‌ن جا ئه‌و جۆره ـ به گومانی خۆیان ـ خه‌بەر دانه به‌ڕوانین بێت بۆ ئه‌ستێره‌كان یان به خوێندنه‌وه‌ی فنجان بێت یان خوێندنه‌وه‌ی ده‌ست یان له شێوه‌ی هه‌ندێك ته‌لاَسم (جادو) بێت یان هه‌ر جۆرێكی تر .

شێخ ( محمد بن صالح العثيمين ) ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ له‌وه‌لاَمی ئه‌وه‌ی كه یائا ( التنجيم ) چیه ؟ و حوكمی چیه ؟

ئه‌ویش له وه‌لاَمدا فه‌رمووی ( التنجيم ) له ( النجم ) ه‌وه وه‌رگیراوه و بریتیه له‌وه‌ی كه‌بارو دۆخه‌كانی گه‌ردوون بكرێت به‌به‌ڵگه بۆ بارو دۆخ و رووداوه‌كانی سه‌ر زه‌وی ، به‌واتای ئه‌وه‌ی كه فاڵچی ئه‌وه‌ی له‌زه‌وی ڕوو ده‌دات یان به ئه‌ستێره‌كان و جوڵه‌یانه‌وه ڕووی داوه ببه‌ستێت ، یان ده‌رچوون و ئاوابوونیان یان نزیك بوونه‌وه‌یان له‌یه‌كتر یان له‌یه‌ك دوور كه‌وتنه‌وه‌یان یان هه‌ر بارو دۆخێكی تری هاوشێوه وه‌ك ئه‌مانه ( فتاوى العقيدة (١/ ٢٠٢) محمد بن صالح العثيمين ) .

**خوێنه‌ری به‌ڕێز :** كاری دزێوی ئه‌م جۆره كه‌سانه پێچه‌وانه‌ی بیرو باوه‌ڕی ئه‌هلی سونه‌ت و جه‌ماعه‌ته ، ده‌بینین له چه‌نده‌ها فه‌رمووده‌ی ( صحيح ) دا پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ئه‌م كاره‌ی قه‌ده‌غه كردوه و حوكمی جیاجیای بۆ داناوه ، **حوكمی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ له‌سه‌ر ئه‌م كرداره دوو جۆره :**

**یه‌كه‌م :** بۆ كه‌سێك ته‌نها بڕوات بۆ لایان یاخود ووته‌كانیان بخوێنێته‌وه ، پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی : " مَنْ أتى عَرّافاً فَسَألَهُ عَنْ شَيء لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلاة أربَعِيْنَ يَومَاً " ( رواه مسلم ( صحيح مسلم بشرح النووي ( ٧ / ٣٣٦ ) برقم : ٢٢٣٠ )، واته : هه‌ر كه‌سێك بڕواته لای فاڵچیه‌ك و پرسیاری شتێكی لێبكات بێ ئه‌وه‌ی باوه‌ڕی پێ بكات ئه‌وا چل ڕۆژ نوێژی لێ وه‌رناگیرێ ، ئه‌مه ئه‌گه‌ر ته‌نها بڕوات بۆلای و پرسیاری لێبكات بێ ئه‌وه‌ی باوه‌ڕی پێ‌بكات .

**دووه‌م :** بۆ كه‌سێك بڕوای به قسه‌كانیان هه‌بێت ، فه‌رموویه‌تی : " مَنْ أتَى كَاهِنَاً فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِما أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَد" (صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ( م ٧ ، برقم : ٣٣٨٧ ) ، و صحيح الجامع الصغير ، برقم : ٥٩٣٩ ) ، واته : هه‌ر كه‌سێك بڕواته لای فاڵچیه‌ك و به‌ڕاستی بزانێ له‌و شتانه‌ی كه ده‌یڵێت ئه‌وا كوفری به‌وه كردووه كه بۆ سه‌ر محمد ﷺ دابه‌زێنراوه .

واتـای ( فقد كفر بما أنزل على محمد ) ، هـەموو بێگومـانین لـەوەی کـە ئـەوەی بـۆ محمـد ﷺ نێـردراوە قورئانی پیرۆزە ، هەروەکو خوای بڵند و باڵادەست فەرموویەتی : ﴿ كِتابٌ أَنْزَلْناهُ إِلَيْكَ مُبـارَكٌ لِيَـدَبَّروا آياتِهِ وَلْيَتَذَكَّرَ أُولُوا الأَلْبابِ ﴾ ( سورة ص : ٢٩ ) .

قورئـانی پـیرۆز پـەرتوکێکی پـیرۆزە بۆمـان ناردویتـە خـوارەوە بـۆ ئـەوەی تێبفکـرێین لـە ئایەتـەکانی و هۆشمەندەکانیش بیری لێبکەنەوە ، کوفریش بەقورئان لێـرەدا بـەدرۆ دانـانێتی ، چـونکە هـەروەکو لەپێـشدا ئاماژەی بۆکرا کە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی : ﴿ قُلْ لايَعْلَـمُ مَـنْ فِي الـسَموات وَالأَرْضِ الغَيْبَ إلا اللهُ ﴾ ، وە فەرمویەتی : ﴿ وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الغَيْبِ لايَعْلَمُها إلا هُوَ ﴾ .

واتە : کەس جگە لەخوا لە پەنهانیەکان بەئاگانییە ، بەڵام کەتۆ دێیت ئەم سیفەتە دەبەخشی بەکەسێکی تر جگە لەخوا ، کردارەکەت ئەوە دەگەیـەنێ کـەقورئانی پـیرۆز ڕاسـت و ڕەوا نییـەو بـەدرۆی دەزانـی ـ خـوا پەنامان بدات ـ ئەگەر نا ئەبێ بێ یەك و دوو پابەندی فەرموودەکەی خوای پەروەردگار بی و بەڕاستی بزانـی ، خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿ ياأيها الذين آمنوا أَطيعوا اللهَ وَأَطيعُوا الرَّسُولَ وَلاتُبْطِلُوا أَعْمالَكُمْ ﴾ ( سـورة محمـد : ٣٣ ) ، واتـە : ئـەی ئـەو کەسـانەی بـڕوادارن گوێڕایـەڵی خـوا بـن و گوێڕایـەڵی پێغەمبەرەکەشی بکـەن و کردارەکانتـان پووچـەڵ مەکەنـەوە بـە سەرپێـچی کـردن لەفـەرمانیان ، هـەروەها فەرمویەتی : ﴿ وَمَنْ يَعْصِ اللهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلَهُ ناراً خالداً فِيها وَلَهُ عَذابٌ مُهِيْن ﴾ ( سورة النساء : ١٣ ) ، واتە : هەرکەسێ سەرپێچی لە فەرمانی خـواو پێغەمبەرەکـەی بکـات و سـنورەکانی خـوا بشکێنێ ئەوا ئەیخاتە ئاگری دۆزەخەوە بەهەتا هەتایی و سزایەکی سەرشۆرکاری بۆ هەیە .

پاش ئەوە بابڕۆینە خزمەت زانایانی ئیسلام ، بۆ ئەوەی ئاشنا بین بەووتەکانیان لەم بارەیەوە .

## فەتوای زانایانی ئیسلام لە سەرکرداری فاڵچێتی

شێخ ( **عبد العزيز بن باز** ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ فەرمویەتی : ( وأمّا سؤال العرّافين والمشعوذين والمنجّمين وأشباههم ممن يتعاطى الاخبار من المغيبات فهو منكر لايجوز ، وتصديقهم أشدّ وأنكر بل هو من شعب الكفر ) ( إقامة البراهين : ٢٧ – ٢٨ )، واتە : سەبارەت بە پرسیارکردن لە فالّچی و هاوشێوەکانیان ، ئەوانەی هەواڵ دەدەن لە شتە پەنهانەکان ، ناشایستەیە و ناکرێت ، بڕواپێکردنیشیان توندتر و ناشایستە ترە ، بەڵکو بەشێکە لە بەشەکانی کوفر .

هەروەها فەرمویەتی : ( فالواجب على المسلمين الحذر من سؤال الكهنة ، والعرّافين ، وسائر المشعوذين ، المشتغلين بالاخبار عن المغيبات ، والتلبيس على المسلمين سواءً كان باسم الطب أو غيره ) ( إقامة البراهين : ٢٨ ) ، واتە : پێویستە لە سەر موسڵمانان بە ئاگا بن لە پرسیار کردن لە هەموو فالّچیەك ، ئەوانەی کە خەریکی هەواڵدانن لە پەنهانیەکان ، با بەناوی پزیشکیشەوە بێت ، یان هەر ناوێکی تر .

کەواتە : بەهەر ناو و ناو نیشانێك بێ موسڵمانان نابێ باوەڕیان بەم کارە نارەوایە هەبێ .

شێخ ( **الفوزان** ) فەرمویەتی : ( من ادّعى علم الغيب أو صدّق من يدّعيه فهو مشرك كافر لانه يدّعي مشاركة الله فيما هو من خصائصه ) ( كتاب التوحيد : ٤٣ ) ، واتە : هەرکەسێ لافی ئەوە لێدات کەلە زانینی پەنهانییەکان بەئاگایە ، یاکەسێك بەڕاست بزانێت کەلافی ئەوە لێ دەدات ، ئەوە هاوەڵی بۆ خوا بڕیار داوەو بێباوەڕە ، چونکە لافی ئەوە لێدەدات کە بەشداری خوا دەکات لە تایبەت مەندییەکانی .

پێشەوا ( **الذهبي** ) بە ڕەحمەت بێ لە پەرتووکی ( **الكبائر** ) دا : ئەم کردارە بەیەکێك لە گوناهە گەورەکان ئەژمێرێ ( الكبائر : كبيرة ( ٤٦ ) : ١٩٤ – ١٩٧ ) .

## ئایا هیچ په‌یوه‌ندییه‌ك هه‌یه له‌نێوان

## بارو دۆخی ئه‌ستێره‌كان و ڕووداوه‌كانی سه‌ر زه‌وی ؟!!!

شێخ ( **محمد بن صالح العثيمين** ) ـ ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت ـ لـه‌م باره‌یه‌وه فه‌رموویه‌تی : ( لا علاقة لما يحدث في الارض بما يحدث في السماء ، ولهذا كان من عقيدة أهل الجاهلية أن الشمس والقمر لاينكسفان إلا لموت عظيم ، فكسفت الشمس في عهد النبي ﷺ في اليوم الّذي مات فيه ابنه إبراهيم ، فخطب النبي ﷺ الناس حين صلّى الكسوف وقال : " إن الشمس والقمر آيتان من آيات الله لايخسفان لموت أحـد ولالحياته " ( رواه البخاري ومسلم ) ، فأبطل النبي ﷺ ارتباط الحوادث الارضية بالاحوال الفلكيـة ) ( فتاوى العقيدة : ١ / ٢٠٢ ).

كه‌واته : پێغه‌مبه‌ری پێشه‌وامان ﷺ له‌م فه‌رموده‌یه‌دا بیرو باوه‌ڕێكی نه‌فامانـه‌ی پـێش ئیـسلامی پوچـه‌ڵ كردووه‌ته‌وه و بۆمانی سه‌لماندووه كه هیچ په‌یوه‌ندییه‌ك نیه له نێوان بارو دۆخی ئه‌ستێره‌كان و ڕووداوه‌كـانی سه‌ر زه‌وی .

هه‌روه‌ها ده‌فـه‌رموێ ( أو يستدلّ بولادة انسان في هذا النجم على أنّه سيكون سعيداً ، وفي هذا الـنجم الآخر على أنّه سيكون شقيّاً ، فيستدلّون باختلاف احوال النجوم على اخـتلاف الحـوادث الارضـية ، والحوادث الارضية من الله ، وليس للنجوم بها علاقة ) ( القول المفيد على كتاب التوحيد : ج٢ / ٣٥ ) ، واته : یان ئه‌وه‌ی كه له دیك بوونی كه‌سێك له‌و ئه‌ستێره‌دا بكرێته به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌ی كه ئـه‌و كه‌سـه دڵخـۆش ده‌بێت ، یان له‌و ئه‌ستێره‌دا كه ئه‌و كه‌سه خراپه حاڵ ده‌بێت ، كه به‌ڵگه هێنانه‌وه‌یـه بـه جیـاوازی بـارودۆخی ئه‌ستیره‌كان له سه‌ر جیاوازی بارو دۆخی سه‌ر زه‌وی ، كه له ڕاستیدا جیاوازی بارو دۆخی سه‌ر زه‌وی له لایـه‌ن خوای په‌روه‌ردگاره‌وه‌یه و هیچ په‌یوه‌ندیه‌كی به ئه‌ستێره‌كانه‌وه .

كه‌واته : هیچ په‌یوه‌ندییه‌ك نیه له نێوانیانداو نـابێ موسـڵمانان ئه‌وه‌نـده سـاویلكه بـن كه‌سـانێك بـه‌ناوی شارستانییه‌ته‌وه زاڵ بن به‌سه‌ر بیرو باوه‌ڕ و تایبه‌تمه‌ندی یه‌كانی ژیانیان .

## ئەستێرەكانی بەخت و فاڵچێتی دوو دیوی یەك دراون

**برای بڕوادارم :** ئەگەر ئەمەت لا ئاشكرا بوو بۆت دەرئەكەوێ كەئەستێرەكانی بەخت كە لە سەر كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و گۆڤار ڕۆژنامەكان دا بانگەشەی بۆ ئەكرێ دیوی دراوێكە ، دیوەكەی تری فاڵچێتیە ، بەڵام ئەم جارەیان بەناوێكی مۆدێرن و ناونیشانێكی تازەوە ، بێ ئەوەی موسڵمانان لێ ی بەئاگابن بەڵكو چەندەها كەس ئەبینین كڕینی گۆڤارو ڕۆژنامەكانی تەنها بۆزانینی ئەوەیە ئەم هەفتەیە یان ئەم مانگەی ژیانی بەچی ئەبێ بباتەسەر !!... بەژیانێكی پڕئاگاداری لە دەوروبەری ؟!!! یان بەمتمانە نەكردنە سەركەس لە دۆست و هاوەڵانی ؟! ، یان بەچاوەڕێ كردنی ڕووداوێكی ترسناك لە ژیانیدا ؟!!! ، وە هۆی دژوار بوونی ژیانی سەدەهای ترە لە خوێنەرانی ئەو ووتە پڕو پوچانەن .

شێخ ( **الفوزان** ) جارێكی تر لەم بارەیەوە فەرمویەتی : ( ويقولون من تزوج بنجم كذا وكذا حصل له كذا وكذا ، ومن سافر بنجم كذا حصل له كذا ومن ولد بنجم كذا وكذا حصل كذا من السعود أو النحوس ، كما يعلن في بعض المجلات الساقطة عن الخزعبلات حول البروج ومايجرى فيها من الحظوظ ) ( انظر : كتاب التوحيد : ٤٣ )، واتە : فاڵچیەكان ئەڵێن : هەركەسێ لە ئەستێرەی فلانی یان فلانی مێرد بكات یان ژن بهێنێ ئەوە ئەوەی توش ئەبێ ، وئەو كەسەش لە ئەستێرەی ئەوە یان ئەوە لە دایك بێ ئەوە ئەوەی توش ئەبێ لە خۆشی و ناخۆشی .

هەروەكو بانگەشەی بۆ ئەكرێ لە هەندێ گۆڤاری بێ نرخ ، سەبارەت بەو ووتە پڕو پووچانەی دەربارەی **ئەستێرەكانی بەخت** ئەووترێ كە تێیدا باس لە قسمەت و نسیبەكان ئەكرێ .

### ئاكامە دونیاییەكانی گوێگرتن

### یان خوێندنەوەی ئەستێرەكانی بەخت :

✍ دەبێتە هۆی دروست بوونی زۆر بیری خراپ وەك ( دڵە ڕاوكێ و دوو دڵی و زۆر جاریش دەبێتە مایەی بێزار بوون لە ژیان لە لای گەنجان و لاوانمان ) .

✍ وە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەشبینی ( **التشاؤم** ) لای خوێنەران و بیسەرانی ئەم ووتە بێ نرخانە بەرامبەر بەو كەسانەی كە هەڵسوكەوتیان لە گەڵ دەكەن .

✍ وە هۆكاری زۆر لەنەخۆشییە دەروونییەكانە واتە : ( **الأمراض النفسية والإنفعالات الباطنية** ) كە لە ڕاستیدا ئەو نەخۆشیانە هیچ بونێكیان نییە ، تەنها كاریگەری ئەو ووتانەوە نەبێ .

✍ وە هۆكارێكە بۆ خواردنی سامان و سەروەتی خەڵكانی تر و بەفیڕۆدانی لە ڕێگەیەكی بێسوودا .

✍ وه هۆکاری گەڕانەوه و شوێن کەوتنی سەردەمی نەفامی پێش ئیسلامه سەرەڕای ئەو هەموو بانگەشەیەی که بۆ شارستانییەتی نوێ دەکرێ ، بێ بیرکردنەوه لە وەی کە ئەم کرداره خۆی لە خۆیدا یەکێکه له ناشارستانی ترین کرداره کۆنەکان .

## دوا ووتەو کۆتایی

**خوێنەری بەڕێز :** دەرکەوت کەزاراوەی **ئەستێرەکانی بەخت** ( واتە : **بورجەکان** ) دیوی دراوێکە دیوەکەی تری ( الكاهن والعراف والمنجم ) ەو زیندووکردنەوەی ئەو بێ باوەڕییەیە کە لە پێش ئیسلام و لەسەردەمی نەفامییدا هەبووە پێغەمبەری ئازیز ﷺ و زانایانی ئیسلام قەدەغەیان کردووە و بە بێ باوەڕییان لە قەڵەم داوە ، جانەکەی ئامان شوێنی قسەی ئەم وئەو بکەوی وبڕوایان پێبکەی هەرچەندە بانگەشەکارانی ئەم کارەش زۆربن!

**لەکۆتاییدا ئەڵێم :** برای موسڵمان ئەگەر تائەمڕۆ فریوخواردووی دەستی بانگەشەکارانی ئەم تاوانە بووی بەنەزانییەوە ، پێویستە دەست بەجێ واز لەو کارە بهێنیت و جارێکی تر نەیبخوێنیتەوە و نەبەڕاستیشی بزانیت و تۆبەیەکی ڕاستەقینەی بۆ بکەیت و پەشیمانیش بیتەوە لەو کردەوەت ئەگەر کردبێتت ، بەڵکو خوای پەروەردگار لەوتاوانەت ببورێ و قەڵەمی لێخۆشبوونی بەسەردا بهێنێ ، خوای پەروەردگارو میهرەبان فەرموویەتی : ﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ ( سورة النور : ٣١ )[١] .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

=====================

**هاڵپەرێ بەهەشت**

**www.ba8.org**

**له دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن**

---

[١] ئەم بابەته بابەتێکه له بابەته بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ( ڕێگای ڕاست ) که لە ژماره ( ٢ ) دا لە لاپەڕه (٩٥ – ١٠٢ ) بڵاوکراوەتەوه .